# جەنگی من و ( با )



عومەر جەلال
omerjelal@yahoo.com

لە مێژە من چاوەڕوانی ( با ) دەکەم
بە وێنەی خۆی فێری یاخی بوونم بکات
( با ) بە ئەندازەی مۆسیقا سەرەڕۆیە
خۆی دەکات بەنێوی هەموو دڵێکدا
( با ) هەروەك قەرەجیێك وایە
هەر رۆژەو لە کۆڵانێکدا سەری دەشکێنن
( با ) هەروەك عاشقێکی لە سرووشت یاخی وایە
هەرگیز دڵی بە باخچە ناسووتێت
لەناو دڵی ( با ) دا گۆرانییەکی نەوتراو هەیە
لە سێبەری هەر دڵۆپە ئاوێکدا نیشتمانی ( با ) هەیە
لەووەتەی ( با ) هەیە دوژمنێکی سەرسەختی بارانە
باران, هێندەی ناسکی عەشق دەیەوێت بەهێمنی ببارێت

با هەمیشە شێتی دەكات

بە منداڵی هاوڕێی نزیكم ( با ) بوو

وەلیٚ تەنیا ئەو دەتوانێت بەڕەهایی ئازاد بێت

من هەمیشە ( با )م خۆشدەوێت

وەك و ئەو كچە وایە ,هەردەم لیٚم هەڵدێت

ئیرەیی بە ( با ) دەبەم

هەموو شەوێك بە دزیی خواوە دەچێتە ڕۆحی ئەو كچە دلڕەقانەوە

كە مردنیش ناتوانێت دڵیان نەرم بكات

( با ) دەستی نییە و دەستی هەموومان دەگرێت بۆ جەنگی پایز

( با ) چاوی هەیە و هیچ نابینێت

منداڵەكان ( با ) یان زۆر خوش دەوێت

ئەو منداڵانەی دەیانەوێت هاوسەنگی كۆلارەكەیان تێك نەچێت

ئەو منداڵانەی پێدەكەنن بە بەربوونەوەی مێزەری مەلاكان

ئەو منداڵانەی پێدەكەنن بە تێكچوونی باڵی پەپولە پایزە

( با ) زۆر ئازیزە لای ئەو منداڵانە

هەمیشە دڵی كراوەیە ( با )

چوون ئاوازی عاشقانە گوڵەكان دەگەشێنێتەوە

( با ) نزیكیی لەتەك هیچ كورێكی سرووشتدا نییە

دەتوانێت لەماوەیەكی كەمدا خۆی بناسێنێت

خودایە ,بۆ نەتكردم بە كوڕی( با )

خودایە...

-----------------------------

*لەهەفتەنامەی ( ئەدەب و هونەر ) ی كوردستانی نویٚ ژمارە ( 543 ) ی 2007/7/12 بلاوبووەتەوە